کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-12-2007 23:54

## ڕۆڵی مەلاکان لەکۆمەڵگای کوردەواری دا ... نووسینی: عەبدوللەتیف ئاوماری

هەولێر

گومانی تێدا نی یە بەدرێژایی مێژوویی گەلی کورد مەلا دەورێکی کاریگەری هەبووە لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد جگەلەوەش هەرئەوان بوون ڕابەروسەرکردەی شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان وێنەی قازی موحەمەدوشێخ مەحمودی نەمروشێخ سەعیدی پیران ومەلامستەفای بارزان... هتد هەموو ئەوکەسایەتیانە شێخ یامەلاو قوتابی حوجرەی مزگەوتەکان بوون و لەکانیاوی زانستە شەرعیەکانەوە مێشك و دڵ ودەرونیان ئاودرابوو کەگەل ونیشتمانی خۆیان خۆش بوێت و هەڵسن بەبەرپاکردنی شۆڕش بۆوەرگرتن و بەدەستهێنانی مافەڕەواکانی گەلی کوردستان هەردەم هاندەری نیشتمان پەروەری ودادپەروەری بوونە و خەڵکیان هانداوە بۆچاکەودورکەوتنەوە لەزوڵم وخیانەت.

بەڵام حەیف ومەخابن کەهەندی قەڵم بەدەستی ناحاڵی ڕق وقینی خۆیان هەڵدەڕێژن وکوێرانە وبی ئینسافانە دادەبەزنە سەر کەسایەتی مەلاکان و دەیانەوێت لەکەداریان بکەن!! هەرچەندە ئەونوسینانە بی هێزو کاڵ و کرچن نەك هەرناتوانن کەسایەتی مەلا لەکەداربکەن بەڵکو دوورنی یە ببێتە هۆی زیاتر خۆشەویستی و ئاشنایەتی کۆمەڵگای کوردی بە خزمەتی مەلاکان!! حەیف ومەخابن ئەوانە نازانن مەلاکان چ خزمەتێکی گەورەیان بەمیللەتی کورد کردووە.. لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابوری و... هتد!!

ئەگەرمیللەتی کورد شانازی بەخەرمانی ئەدەب وکەلەپور و زانست وهونەری ڕابردووی خۆیەوەبکات؟! ئەوا بابزانین ئەوکەسایەتیانەی کەئەو خەرمانەیان داهێنا زۆربەیان قوتابی بەردەستی مەلاکان بوون و لەحوجرەی مزگەوتەکان پەروەردەبوون. (وێنەی سەلاحەدینی ئەیوبی و ئیبن خەلەکان وئین سەلاح شارەزوری وئیبن تەیمیە ومەلای گەورەو مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و عەلائەددین سوجادی و شێخ موحەمەدی خاڵ وئەحمەدی خانی و مەحوی و پیرەمێردو حاجی قادری کۆیی و عەلی مەردان وسەید عەلی ئەێغەری کوردستانی ... هتد) ئەمانە چیان کەمتر نی یە لەکەسایەتیە ناودارەکانی جیهان!! ئەبوایە پەیکەری زێڕینیان بۆدروست بکەین تاوەکوبیانناسین وهەمیشە لەبیرمان بن و سوود لە شاکارەکانیان وەرگرین!! بەڵی ئەگەر ئێمە هیچ ڕێزێك بۆ ئەوانە دانەنێین!! ئەوا بی ڕێزی بەرامبەر خۆمان ومیللەتەکەمان ئەکەین.

ئەوانە بوون بەردی بناغەی شۆڕش وئەدەب و زانستیان داهێنا لەکوردستان، بەدەیان ساڵ ماڵ ومنداڵی خۆیان جێهشتووە ولەدوای زانست وزانیاری گەڕاون لەگوندو شاران، تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریش!! ئەوان وەك مۆم سوتان تاکو تاریکی بڕەوێننەوە، زۆر بەدڵسۆزییەوە خزمەتی ئەم میللەتەیان کردووە بی بەرامبەر وهیچیان لەدوای خۆیان بەجی نەهێشت لەسەروەت وسامان!! تەنها بەرهەمەکانیان نەبێت! زۆر بەهیوای ئەوەبوون کەمیللەتی کوردیش وەکو هەموو میللەتانی جیهان بەمافی ڕەوای خۆی بگات، بەڵام بەداخەوە ... کورد دەڵێت: (قەدری زێڕ لای زێڕینگەرانە) !! ئەوەی قەدری
(زانست وئەدەب وهونەر) نەزانێت ... حەوت جارحەوت جاریش قەدری خاوەنەکانیان نازانێت!!

بەڵی مەلاکان هەردەم پشتگیری شۆڕشەکانی کوردیان کردووە وهەڵوێستیان هەبووە بەرامبەر ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا، کەتەنها لێرەدا (3) حاڵەت باس ئەکەین وەك نموونە ئەگەرنا حاڵەتەکان زۆر لەوەزیاترن کەبتوانین هەموویان لێرەدا باس بکەین، بەڵام پێم سەیرە باسی هەڵوێست و ئیجابیاتەکان ناکرێت و تەنها ئەگەر شتێکی سەلبی ڕوویدات لەناو کۆمەڵگای ئێمە هۆیەکەی ئەخەنە ئەستۆی مەلاکان!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:54 3-12-2007

* مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس جارێکیان کە سەدام حوسێن ئەبینی زۆر ئامۆژگاری ئەکات وپێ ی ئەڵێت کەلەخوا بترسێت و ڕووله خوابکات... هتد، ئەم قسانەی کەپێ گووتووه واتە تۆ وانیت وپێچەوانەکەی ڕاستە!! ئەویش بەبێ ئەدەبیەوە گووتبووی عەبدولکەریم با ئەو شەڕەم لەیەخە ببێتەوە!! (واتە ئەنجا بەگوێت ئەکەم) !! ئایا لەهەشتاکاندا کەسێك هەبوو لەعەرەب چ جای کورد کە بوێرێت و بتوانێت ئامۆژگاری سەدام بکات؟!!

* مامۆستایەکی تر لەشاری هەولێر کەلەوانەیە حەزنەکات (ناوی بهێنم) لەکۆبونەوەیەکی گەورە لە بەغدا لەکاتی ووتار خوێندنەوە ئەڵێت: داوا لەحیزبی بەعس دەکەین کە موسڵمان ببێت!! واتە حیزبی بەعس کافرە!! هەڵبەت یەکسەر بڵندگۆکان ئەکوژرێنەوە و بەڕێوەبەرانی کۆبونەوەکە لەترسی تیاچوونی خۆیان بابەتەکە کەپس دەکەن وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت!! هەرچۆنێك بێت مامۆستا قوتار بوو بوو!!

* ساڵی 1986 بوو ڕژێمی بەغدا دونیای پڕکرد کە گوایە گەورە زانای ئێران (ئەردەبێلی) کوفری کردووەو خومەینی بەپێغەمبەر شوبهاندووەو گوتوویەتی تاوەکو تۆ لەناومان بیت خوا عەزابمان نادات، جاڕژێمی بەغدا داوای لەمەلاکان کرد کە بەرپەرچی بدەنەوە! لەبیرمە مامۆستایەکی کوردی شاری کەرکوك کە لەتەلەفزیۆنی کەرکوکی ئەوسا پەخش کرا ئەیگووت: ئەگەر ڕاستە وای گوتووە با تۆبە بکات!! (چەند جارێك دووپاتی دەکردەوە) یانی باوەڕی بەقسەکەی ڕژێم نەدەکرد کەئەم قسەیە ڕاست بێت بەدرۆی دادەنا!! جالەوکاتی کەس هەبوو لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا بێت و ڕژێم بەدرۆزن دابنێت؟! نەخوازەڵا کورد بێت و لەشاری کەرکویش دابنیشێت!!.

جگە لەوەش مەلاکان هەردەم دەوری کاریگەری خێریان بینیوە لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا و هەردەم پێشەنگی کۆڕوکۆبونەوەکان وفاکتەری ێولح و ئاشتەوایی و تەبایی میللەت بوونەو بەدرێژایی تەمەنیان ئامۆژگاری خەڵکیان کردووە کەکاری چاك بکەن ولەخراپە دوربکەونەوە وبەئەرکی سەرشانی خۆیانیان زانیوە کەرێگای ڕاست نیشانی کۆمەڵگا بدەن. سەرەڕای چاکەی زۆریان، ئەستۆی هەندی دیاردەو تاوان ئەخرێتە ملیان کەئەوان زۆر لی ی دورن و بی بەرین لەم جۆرە دیاردانە!!

بائامارولێکۆڵینەوەیەکی بەئینسافانەو دور لەحیزبایەتی ئەنجام بدرێت، ئەمجا دەرئەکەوێت بۆمان کەئایا هیچ لەمەلاکان موستەشار بوون؟!! یاچەند مەلا ڕەفیق حیزبی بوون؟!! یا چەند مەلا چەکیان لەشان بوو وچاوساغی سوپای ڕژێم بوون بۆ جی بەجی کردنی پرۆسەی ڕەشی ئەنفال؟!! یاچەند لەمەلاکان گیراون بەتۆمەتی خیانەت و جاسوسی ودزی وشەرواڵ پیسی؟!! یاچەند لە ئافرەتان کوژراون بەفتوای مەلاکان؟!! یاچەند لە قوتابیانی کوڕوکچ وازیان لەخوێندن هێناوە بەهاندان وفتوای مەلاکان؟!! بەسە بۆ گەورەیی مەلاکان کەیەکەمین کەسێك کەکچی خۆی ناردە بەرخوێندن مەلای گەورەی کۆیە بوو، لەناوچەی ئێمە لەکۆی قوتابیانی شەش گوند تەنها کچی مەلای گوندێك خوێندنی تەواوکرد ئەویش بەپشتگیری کردن وهاندانی مەلای باوکی بوو!! لەوباوەڕەدام بۆیە تائێستا ئەو ئامارە نەکراوە لەبەرئەوەی ئەنجامەکەی لەڕێژەدا دەرناچێت ئەگەرنا لەمێژبوو ئەنجامدەدرا!! لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەی کەمەلاکان بەخشیویانە بەکۆمەڵگای کوردەواری!! کەچی ئێستا وەکو پێویست گرنگیان پێنادرێت و لەکۆڕوکۆبونەوەکان لەڕیزی هەرەدواوەن، فەقی ی حوجرەو مزگەوتەکان بەرەو نەمان ئەڕۆن!! زۆر سەیرە!! کە پاپا (یۆحەننا پۆڵێ) ساڵی پار کۆچی دوایی کرد، بەهەزاران خەڵکی لەووڵاتانی دورەوە ئەچوون بۆ ڤاتیکان بەس بۆئەوەی بۆدوا جار تەرمەکەی ببینن!! چەند شەووڕۆژ لەجادەوکۆڵانەکانی ڤاتیکان چاوەڕی یان ئەکرد!! کەیفیان ئەهات بەداروديواری نزيك ئەوشوێنەی کەتەرمی پاپای لی بوو!! ماچیان ئەکردو ئەگریان!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لێرەدا مەبەست ئەوە نی یە ئایا ئەم کردارە ڕاستە یان نا؟! بەڵکو مەبەستمان سۆزو خۆشەویستی و ڕێزیانە بۆ پاپا!! کەچی لای ئێمەش خەڵکێك هەیە بی ئەوەی زانستێکی باشی هەبێت دەربارەی ژیان وخزمەتی مەلاکان کوێرانە تۆمەت و شتی ناڕاست ئەنوسن لەسەر مەلا!!

ئەیانەوێت چۆنی حەزئەکەن وپێ یان خۆشە مەلا وابکات!! نەك چۆنی ڕاستە!! (ئەوەش هەرگیز مومککین نی یە) !! ئەوجۆرە کەسانە وائەزانن هەرچی هۆکاری کوشتن وبڕین و دواکەوتنی میللەتی کوردە هەمووی هۆیەکەی مەلاکانە!! لەڕاستیدا هۆکاری دواکەوتنی میللەتی کورد زۆرن! بەڵام (بەڕای من) بەحاڵی حازر هۆکاری زۆر لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان بریتی یە لە ئیستیعاب نەکردنی تاك وخێزانی کۆمەڵگای کوردی بەرامبەر هێرشی پێشکەوتنی جیهانگەری کەخۆی دەبینێتەوە لەهاتنی ئامێروکەل وپەلی پێشکەتووی پیشەسازی نوی وەك (مۆبایل، ئەنتەرنیت، سەتەلایت، فیدیۆسیدی، جۆرەها مۆدیلاتی جل وبەرگ... هتد) وبەکارهێنانیان بەشێوەیەکی سەلبی وبەهۆیەوە هێرشی فەرهەنکی ڕۆژئاوا داخیل بەکۆمەڵگای کوردەواری دەبێت ئەو فەرهەنگەش نامۆیەو ئاشنایەتی نی یە بەکۆمەڵگای کوردەواری و قەبوڵ ناکرێت و لەئەنجامدا کۆمەڵێك گیروگرفت پەیدا ئەبێت.

من ناڵێم هیچ مەلای نەشیاومان نی یە کە بۆ مەلایەتی نەشێت!! هەڵبەت کورد گووتەنی لەفەردە گوێزیك چەند دانەیەکی خراپی هەرتیادادەبن، بەڵام زۆربەی هەرەزۆریان باشن وجێگای ڕێزو تەقدیرن. ئەگەر شتێکی نەشیاو کرابێت ئەوا زیاتر لەلایەن ئەوکەسانەوە کراوە کە عیلمێکی زۆریان نەخوێندوەو شارەزاییان کەمە لەعلومی شەرعی وخەڵك کردوونی بەمەلای خۆیان!!

لەڕاستیدا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا یەکێك پێنج ودووڕۆژێکی خوێندبی لەحوجرە بەمەلا بانگی ئەکەن وناوی ئەبەن!! هەروەك دەرچووانی ئامادەیی پەرستیاری یا پەیمانگای پزیشکی بەدکتۆر بانگ دەکرێن وزۆربەشیان عیادەیان داناوە لەگەڕەکەکان!! بەم شێوەیە... تەنانەت برادەرێکم هەبوو ئیشی کڕین وفرۆشتنی داوودەرمانی ئەکرد بەتاك وکۆ، عیادەشی هەبوو لای ماڵی خۆیان!! منیش لەڕاستیدا زۆر جار ئەچووم بۆلای و پرسیاری تەندروستیم لی ئەکرد، زۆر پرسیارکردنی من لەبواری نەخۆشی وتەندروستی ئاشکرای کرد کەئەو برادەرە دەرچووی بواری تەندروستی نی یەو دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی یە گووتم: ئەی چۆن لەبواری تەندروستی ئیش ئەکەیت، ناترسیت غەڵەت بکەیت وگرفتت بۆ دروست بێت؟!! گووتی: وەڵا بڵێم چی؟! من تەنها خولی پەرستیاریم بینیوە!! تائێستا تووشی گیروگرفت نەبووم، شایانی باسە ئەوبرادەرە ساڵانێکە لەخەستەخانەش دەوام دەکات!!

بەڕای من کەم ڕۆشنبیری کۆمەڵگا چ لەبواری ئاینی وکۆمەڵایەتی بێت یا تەندروستی؟!! هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ڕوودانی کاری نەشیاو!! جگە لەوەی کەلەکۆنەوە مەلایەتی هیچ سانسۆرێکی لەسەر نەبووە تاوەکو بەتەنها ئەوانەی خاوەن ئیجازەن ببنە مەلاو پێشەوای خەڵك، ئەگەر خەڵکی هەرشوێنی ڕازی نەبووبن کەس نەیتوانیوە بەزۆر ببێتە مەلایان!! بەڵکو زۆربەی جار خەڵکەکە خۆیان داوایان لی کردووە ببێتە مەلایان!! جا لەبەر نەزانین یا ناچاریان بوبێت؟!!

لەکۆتاییدا ئەڵێم: ئەگەر بێت و تاکی کۆمەڵگای کوردەواری گوێڕایەڵی ووتەکانی مەلا بێت، ئەوا لەو باوەڕەدام ئەو گیروگرفتانەی کەئێستا زۆرن وچارەسەرناکرێن ئەوا هەربوونیان نابێت و میللەتی کورد پارێزراو ئەبێت لەگەندەڵی سیاسی وئابوری وئیداری ونەخۆشی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی... هتد حەزدەکەم هەموو لایەك بزانین کەماڵی مەلا ئارام ترین شوێنەو بەشەوبەڕۆژ خەڵکێکی زۆر سەردانیان ئەکەن بۆدەستکەوتنی وەڵامی پرسیارەکانیان وچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان، وەشایانی باسە مەلاکان شەوو ڕۆژ وەك (دکتۆری خەفەر) وان بۆخزمەت کردنی خەڵك، چونکە جگە لەکاری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرەکی خۆیان، بی کات وساتی دیاری کراو ئەچن بەدەم ناخۆشی وئازارەکانی خەڵکەوەوبەشداریان ئەکەن،

لەهەربۆنەیەکدا ئەگەرمەلای تیا نەبێت ئامادەبوان هەست بەکەموکوڕیەکی گەورە ئەکەن!! مەلا بەوەفاترین کەسێکە بۆژیانی ئێمە جگە لەوەی بەردەوام ئامۆژگاریمان دەکەن، لەکاتی نوێژەکان و نوی٘ژی هەینی وجەژنەکان هەروەها لەکاتی ژن مارەکردن و گواستنەوەومردن وتەلقین وسەرقەبران وسی ڕۆژەی پرسەکەشمان ئامادەن... هتد، بەڵی مەلاکان وەك سێبەر وان بۆ ئێمە لەهەمووخۆشی وناخۆشیەکاندا بەردەوام لەگەڵمانن، بەووتارو نوکتەو قسەخۆشەکانیان هەمیشە دڵمان خۆش ئەکەن، جگەلەوەی بەردەوام نزای خێروبەرەکەت ئەکەن بۆ گەل و نیشتمان و کورد و کوردستان.

Latif_abdalrahman @ yahoo.com

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.